## گفتوگۆی رادیۆی هاوپشتی (سوید) لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە:

# هەلومەرجی سیاسی عێراقو ئەزمەی پێکهێنانی حکومەت

**رادیۆ هاوپشتی: دکتۆر محمود پیشتر لە رۆژنامەی (الشرق الاوسگ)و ئەمرۆش لە گفتوگۆیەکدا لەگەل ئیمە، ئەوەی دوپاتکردەوە کە ئەوان لە ئیدارەکردنی عیراقدا فەشەلیان هێناوە، ئەمەش دانپیدانانیکی ئاشکرایە. ئیوە لەم بارەیەوە راتان چیە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: منیش دەلیم دکتۆر محمود راست دەکاتو قسەکەی واقعیەو منیش موافقی لیکدانەوەکەی ئەوم سەبارەت بە هەولەکانی تا ئیستای ئەم هیزانە بۆ دامەزراندنی حکومەتو ئیدارەکردنی عیراق. ئەوان تەنها لەمەدا فەشەلیان نەهێناوە بەلکو هاوکات بەشدارییان کرد لە نوقم کردنی کۆمەلگا لە نیو کارەساتدا. بەلام تا ئەو جیگایەی کە من توانیم گوێ لە قسەکانی بگرم، هۆیەکانی ئەم فەشەلە ئەوانە نیە کە ئەو باسی کردن.

**رادیۆی هاوپشتی: وەکو چی؟**

ڕێبوار ئەحمەد: مەبەستم ئەوەیە کە ئەو هۆیەکەی دەگیریتەوە بۆ مەسەلەی ریکنەکەوتن لەسەر پۆستەکان، یان وەکو ووتی گوایە کەسی بە تواناو لیهاتوو لە جیگای شیاوی خۆی دانانریتو شتی لەم بابەتە. بەلام مەسەلەکە ئەمانە نیە، کاتیك کە جەنگ دەستی پیکرد ئیمە ئەم لیکدانەوەیەمان هەبوو کە ئەم جەنگە کارەساتو هەلومەرجیکی سەختو خەتەرناك دەخولقینێ. کاتیك ئەم هیزە قەومیو ئیسلامیانە لە ناوەراستی مانگی 12ی سالی 2002 کۆنگرەی لەندەنیان گرت بۆ تەئییدکردنی جەنگی ئەمریکا لە دژی عیراقو ناویاننا "پرۆسەی ئازادی عیراق"و پلاتفۆرمی خۆیان بۆ هەلومەرجی دوای رژیمی بەعس خستەروو، ئیمە هەر ئەوکات ووتمان ئەمە پلاتفۆرمی سیناریۆیەکی رەشە. هەلومەرجیکی تەنانەت لەوەش خراپتر دەخولقینێ کە رژیمی فاشیستی بەعس بەسەر خەڵکدا دایسەپاندبوو.

لە راستیدا ناکرێ پیمان وابیت کە ئەم هیزانە ئەم هەلومەرجە کارەساتبارەیان پێناخۆش بیت، راستە فەشەلەیان هێناوە لە ئیدارەی کۆمەلگاو پیکهینانی حکومەتو من پیم وانیە ئەو کارەشیان پیبکریت. بەلام ئەم هیزە قەومیو ئیسلامیانە هەلومەرجیکیان پیکهیناوە کە خەریکن تیایدا جیگاوریگای خۆیان بەهیز دەکەن. هەریەکەیان ناوچەیەکی بۆ خۆی دابریوەو بە زەبری چەكو میلیشیا خۆی بەسەر خەلکەکەیدا سەپاندوە. بۆیە هەلومەرجی ئیستا ئاکامی مەنتقیی سیاسەتەکانی خۆیانە، ناکرێ چاوەرێ بکریت لە سایەی جەنگی کۆنەپەرستانەو تیرۆریزمو لە ریگای لەشکرکیشیو داگیرکاری هیزیکەوە کە لەوپەری دنیاوە بیتو بە ملهوری خۆی بەسەر کۆمەلگایەدا داسەپینێ، هەروەها بە خۆگریدانی کۆمەلیك هیزی قەومیو دینی بەم سیناریۆیەوە، وەزعیکی لەوە باشتر بیتەکایەوە، یان دیموکراسی بۆ خەلك بە دیاری بهینریت.

**رادیۆی هاوپشتی: پیت وایە هەر کۆششیك بەم پیکهاتەوە کە هەیانە ئالوگۆریك پیکدەهینیت؟ ئەگەر مەبەستی ئەم هیزانە وابیت کە بەم میکانیزمانە دەسەلات دابەشبکەن، ئایا بە گۆرینی جعفریو دانانی کەسیکیتر لە جیگای دەتوانن ئالوگۆریك لە وەزعەکە دروست بکەن؟**

ریبوار ئەحمەد: ئالوگۆری بەم جۆرە بە تەواوی رواڵەتییە. ئەوان نە لە یەکسالی رابردودا کە گوایە لەسەر هەموو پۆستەکان پیکهاتبون، نە ئیستاش کە کیشەیانە، نەیانتوانیوەو ناتوانن حکومەتیکی بەو جۆرە پیکبهینن کە خۆیان دەلین "حکومەتی یەکیتی نیشتمانی" وەکو حکومەتیکی پایەدار کە بتوانی دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا یەکلابکاتەوە. گومان لەوە نیە کە ئەتوانن حکومەتیکی روالەتی دروست بکەنو لەسەر ئەوە ریککەون کە کەسیك سەرەك وەزیرانو کەسیکی دیکە سەرەك کۆمارو کۆمەلکیش لەسەر وەزارەتەکان دانیشن، بەلام بەو مانایەی کە حکومەتیك بێت کە لە ئاستی سەراسەری عیراقدا بە واقعی دەسەلاتی هەبیتو ئەوزاع بگۆریتو خۆی بچەسپینێ، ئەمەیان بۆ ناکریت. ئەوان ئەگەر بە نزیکەی 5 مانگ هیشتا لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان پیکنەهاتوون، ئەوە سبەینێ دوای ریککەوتنیشیان، چ خودی ئەو پۆستانەو چ کارکردی رۆژانەی ئەوانەی ئەو پۆستانە بەدەستەوە دەگرن، هەر رۆژیکی مایەی شەریکی ترە.

تازە مەسەلەکەیان لەدەست دەرچوە، وەزعەکەیان کیشاوەتە مەیدانی جەنگی ناوخۆ، جەنگی تائیفی، وەکو گویمان لە قسەکانی دکتۆر محمودیش بوو ئەویش دانی بەمەدا نا.

**رادیۆی هاوپشتی: ووتی 100 هەزار ئاوارە هەیە، شیعە سونی دەردەکاتو سونەش شیعە دەردەکات..**

ڕێبوار ئەحمەد: ئەمە ئەو ڕەقەمەیە کە ئاماری ڕەسمی ڕایگەیاندوە، بەلام لە واقعدا زۆر لەوەش زیاترە. ئیستا بۆ نمونە لە بەغدادو دەوروبەری، هیچ کەسیك هەست بە ئاسایش ناکات، هەرکەس مۆری شیعەی لەناوچەوان درابیت، هیزو تاقمی سونە دینەسەری‌و بە پیچەوانەشەوە شیعە دینە سەری. بەلام ئەوەی کە ئەوان دەلین تیرۆریستەکان ئەم کارانە دەکەن، واقعی نیە. لە ڕاستیدا ئەو حکومەتەی کە ئیستا هەیە بە هەموو دام‌و دەزگاکانیەوە، لایەنیکی سەرەکیە لە خولقاندنی ئەو وەزعیەتەی کە ئیستا هەیە، دەوریکی سەرەکی هەیە لە دەربەدەرکردنی خەلك‌و کوشتنی ئەوانەی کە ناسنامەیەکی تائیفی جیاواز لەوەی خۆیانیان هەیە، ئەوانەی کە بە ناوی "فرق الموت" ناسراون، ئەوانەی کە دەچنە سەرمالان، ئەوانەی کە خەلك دەفرینن‌و بەم شیوەیە نزیکەی 20 هەزارکەس بیسەروشوینن، بەشی هەرە زۆری هەموو ئەمانە دەزگاکانی ئەم حکومەتەی ئیستا ئەنجامی دەدەن. بۆیە ئەمە شەریکی نەخشە بۆ کیشراوەو ڕاپۆرتەکان گوزراشت لەوە دەکەن کە میلیشیاکان بۆ شەریکی گەورەترو دریژماوەتر خۆیان ئامادە دەکەن‌و بەم پیەش وەزعەکە بەرەو ئەوەدەچیت کە زۆر تاریکتربیت لەوەی ئیستا هەیە.

**ڕادیۆی هاوپشتی: پیت وایە ئەو تصورە تیرەگەریەی لە نیو ئەحزابی سیاسیدا هەیە، توانیویەتی ببیتە بیروباوەریکی بەرینی کۆمەلایەتی لە نیو خەلکدا، کە ئیتر ئەو کینەیەی لەسەرەوە لەسەر بناغەی شیعەو سونە یان کوردو عەرەب دروستکراوە، لە نیو خەلکدا بەرین بیت؟**

ڕیبوار ئەحمەد: لە ڕاستیدا ئەوەی کە تائیستا ئەو ڕق‌و کینە دروستکراوە، لە نیو خەلکدا بەو ئەبعادەوە پەرەی نەگرتوەو پیکنەهاتووە، مانعی هەرە جدیە لەبەردەم پەرەسەندنی زیاتری ئەم شەرە تائیفیەدا. واقعیەتەکەش ئەوەیە کە کۆمەلگای عیراق لە دەیان سال لەمەوبەرەوە کۆمەلگایەکی موتەمەدن‌و مودیرنە، خەلکەکەی بەدەر لە ناسنامەی تائیفی لە ژیانی کۆمەلایەتیدا لەگەل یەکتر تیکەلاوو‌و پیکەوە ژیانیان کردوە، ئەم مەسەلەی شیعەو سونەو کوردو عەربە، بە تایبەت لەم ئاستەدا کە ئیستا هەیە نەبووە، تەنانەت تاوەکو ئیستاش لە زۆربەی جیگاکاندا خەلکانی پیرەوی دین‌و مەزهەبە جیاجیاکان لە شارو گەرەکاندا پیکەوە نیشتەجین‌و لە نیوان خۆیاندا کیشەیەکیان نیە. بۆ نمونە ئیمە ئەمرۆژانە لە کۆمەلیك لەو گەرەکانەی بەغداد خەریکی سازدانی خەلکین بۆ ئەوەی بە دەستی خۆیان بەرگری لە ئەمنیەتی خۆیان بکەن، خەلکی ئەو گەرەکانە تیکەلاون لە شیعە مەزهەب‌و سونی مەزهەب‌و تەنانەت کوردو عەرەب، ئەوان نە تەنیا لەگەل یەك کیشەیان نیە، بەلکو خەریکن پیکەوە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی یەکدەست بەرگری لە خۆیان‌و ئەمنیەتیان بکەن.

ئەوانەی خەریکی شەرو کوشتاری تائیفین، تەنها میلیشیای خودی هیزە تائیفەچیەکانن نەك خەلك. مانعی ئەصلی بەردەم پەرەسەندنی ئەم شەرەش بریتیە لە تەسلیم نەبونی خەلك بەم دەستەبەندییەو بەم شەرە، ملنەدانی خەلك بەو بەربەریەتە مانعی ئەصلیە لەبەردەم ئەوەی کە هیشتا بەو جۆرەی ئەوان دەیانەوی‌و نەخشەیان بۆ کیشاوە، پەرەبسەنی. بەلام بیگومان هەولە بەردەوامەکانی ئەم هیزە تائیفیانە کۆمەلگای لەبەردەم مەترسی گەورەی ئەوەدا داناوە کە ئەم شەرە ئەبعادی فراوانتر پەیدا بکات‌و کینەکە لە نیو خەلکیشدا پەرەپیبدات.

**ڕادیۆی هاوپشتی: ڕۆلی کۆنگرەی ئازادی عیراق بۆ شکلدان بە ئەلتەرناتیڤیك لەبەرامبەر ئەم وەزعەدا، لەمرۆدا لە چیدا خۆی دەبینیتەوە؟ هەروەها بریك ئەوە زیاتر ڕوونکەیتەوە کە ووتت ئیوە دەتانەوی گەرەکەکان چەکدار بکەن؟**

ڕیبوار ئەحمەد: لە پیشدا ئەوە بلیم کە کۆنگرە وا دەروانیتە وەزعەکە کە بەبی چونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا، یان دروستتر ئەوەیە بلیم بەبی کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو کورتکردنەوەی دەستی ئەو هیزانەی کە ئەم وەزعەیان خولقاندوە، ناکری گۆرانیکی بنەرەتی بەسەر وەزعەکەدا بهینریت. بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرە هەولدەدات بۆ سازدان‌و بەریخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەرتاسەری‌و هینانەمەیدانی هەموو ئەو جەماوەرەی کە دژی ئەم وەزعەو هەموو ئەو لایەنانەی کە لەم وەزعیەتە زەرەرمەندن‌و خوازیاری ئەوەن هەل‌ومەرجیکی ئارام‌و نۆرمال لە عیراق بیتەکایەوە، ژیانی مەدەنی ببوژیتەوەو هەل‌ومەرجیك پیکبیت کە لە سایەیدا خەلك بتوانن ئازادانەو هوشیارانە بریار لەسەر سیستەمی حوکمرانی داهاتوی عیراق بدەن. ئەمە پلاتفۆرمی کۆنگرەیە.

هەروەها لەبەرامبەر ئەم وەزعەی ئیستادا بە تایبەتی لەبەرامبەر ئەوەی کە گرفتی ئەمنیەت بووە بە گرفتی سەرەکی خەلك‌و کۆمەلگا، بەو مانایەی کە نەبونی ئەمنیەت‌و خەتەری نا ئەمنی بەردەرگای هەموو مالیکی گرتوە، کۆنگرە تەرکیزی لەسەر ئەوەیە کە دەوری بەرجەستە بگیریت لە پاراستنی ئەمنیەتی خەلك، لە ڕیگای سازماندانی خودی خەلکەوە بۆ ئەم کارە. ئیستا دەست بەوە کراوە کە لە ڕیگای دامەزراندنی بنکەکانی گەرەك‌و سازدانی هیزی جەماوەری چەکدار لە دەوری ئەو بنکانەو لە ژیرناوی (هیزی ئەمان)دا، خەلك بتوانن بەرگری لە ئەمنیەتی گەرەکەکانی خۆیان بکەن‌و ڕیگانەدەن هیچ میلیشیایەك بروانە نیو گەرەکەکانیانەوەو لە هەنگاوی دواتریشدا بتوانن ئیدارەی کاروباری گەرەکەکانی خۆیان بەدەستەوە بگرن. ئەمە هەنگاویکە ئەگەر خەلکی لەدەور کۆبکرینەوە دەتوانن خەتەری نائەمنی لەسەر گەرەکەکان لابەرن. لە هەمان کاتدا (هیزی ئەمان) دەتوانی بربرەپشتی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سیاسی‌و چەکداری گەورەو سەرتاسەری بیت، کە بتوانی چارەنوسی کۆمەلگا بە گشتی لەدەستی ئەم هیزانە دەربهینیت. ئەمە لە ئیستادا سەرەکیترین ئەرکی کۆنگرەیە کە بۆ خۆی داینابیت. لە هەمان کاتدا ئەم پرۆژەیە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە بە مەحکەمی پشتیوانی لیکراوەو ئیستا ئیمە بە گەرمی سەرقالی سەرخستنی ئەم کارەین.

**پرسیاری گویگریك: لە دەستوردا وتراوە کە زمانی کوردی هاوکات لەگەل زمانی عەرەبی ڕەسمی دەبن. بەلام ئیستا هەست دەکریت کە وردە وردە ئەوەشیان لە دۆزەکە دەرکرد؟**

ڕیبوار ئەحمەد: مەسەلەیەك هەیە کە دەبی لای خەلك ڕۆشن بیت، ئەو ڕیکەوتنانەی کە لە نیوان هیزەکانی سیناریۆی ئیستادا دەکریت، بە ناوی ڕیکەوتن لەسەر بەشی پیکهاتە جۆراوجۆرەکانی عیراق، بەدەر لە مەرامەکانی پشتەوەیان، بە هیچ جۆریك مانای ئەوە نیە کە ئەو هیزانە باوەریان نە بە مافەکانی ئەو پیکهاتانەو نە

تەنانەت بەو شتە هەیە کە بەم پێیە داویانە بە یەکتری. بەڵکو سەرباری ئەو ریککەوتنانە بەردەوام خەریکی پیلانگێرانن لە یەکتری. بۆ نموونە ناسیونالیزمی عەرەبو هێزە ئیسلامیەکان بەردەوام لە بیری ئەوەدان ئەو فیدرالیزمەی داویانە بە هێزە ناسیونالیستە کوردەکان وەریگرنەوە، هێزە شیعەو سونەکان لە نێوان خۆیاندا هەر بەوجۆرەن. مەبەستم ئەوەیە ئەم هێزانە لە کیشمەکیشی نێوان خۆیانداو بەپێی هاوسەنگی هێز لە دەورانیکدا، دان بە هەندێك خواستی یەکتردا دەنێن، بەڵام لەو روانگەیەوە نیە کە باوەریان پێیەتی بەڵکو وەکو ئەمری واقعو هاوسەنگی هێز دانیپێدا دەنێنو بە گۆڕانی ئەو هاوسەنگیەش لێی پاشگەزدەبنەوە.

مەسەلەی زمان بە بروای من لە سایەی حکومەتێکدا کە زۆر مەیلی بەرەو ئەوەیە وەکو حکومەتێکی عەرەبی، بەم مانایەش ناسیونالیستیو فاشیستی خۆی بناسێنێو ئەم هەویەتە بۆ خۆی تەسبیت بکات، لە هەمان کاتدا هەویەتێکی ئیسلامیشی هەبیت. حکومەتێکی بەم جۆرە ناتوانێ مافی یەکسان بۆ هاوڵاتیانی کورد زمان، یان هیچ هاوڵاتیەکی تر بەرەسمی بناسیت، کە هەویەی عەرەبیو ئیسلامی نەبیت. رەنگە لە هەڵومەرجیکی دیاریکراودا بە جۆریك دان بەمەدا بنێن، بەڵام هەمیشە لە بیری ئەستاندنەوەی دەبن. بە بروای من لە سایەی حکومەتێکدا کە دەیانەوێ لەسەر ئەم بناغەیە پیکیبهێننو بە جۆریك لە دەستوردا بەیانکراوە، کە دەکاتە حکومەتێکی عەرەبی- ئیسلامی، هەر ئەو کارەستانانە بۆ خەڵکی کوردستان چاوەروان دەکریت کە وەختی خۆی رژیمی بەعس کردویەتی. نابی هیچ خۆشباوەریەك لەم بارەوە هەبیت. ئیستا مەلیك بە ئاسمانی عیراقدا بفریت دەبی پێی بلێن کورد یان عەرەب، شیعە یان سونە، ئەوان هیچ پیناسەیەکی تریان بۆ هیچ بونەوەرو دیاردەیەك نیە. هاوڵاتی لای ئەوان هیچ جیگاو مانایەکی نەماوە، ئینسانو مافی ئینسان لای ئەوان مانای نیە. بلی مافی هاوڵاتی چیە؟ ئەوان تا هەنگاویك نەبینە ئەوڵاترو پێی نەڵێن کورد یان عەرەب، شیعە یان سونە، ناکرێ باس لە مافی بکەیت وەکو هاوڵاتیەك. بە مەنتقی ئەوانیش دەربارەی مافی ئەم پیکهاتانە، وا نیشاندەدریت کە مافی هەرکامیان لای ئەوی تریانە. واتە ئەگەر مافی ئەوانەی پیییان دەوتریت کورد کاملو هەمەلایەنە بیت، دەبی لە مافی ئەوانە کەمبیتەوە کە پیییان دەوتریت عەرەب. بە پیچەوانەشەوە هەر وایە. لە مەنتقی ئەم هێزانەدا پیوانەیەك نیە کە بەپێی ئەوە مافی هاوڵاتیان سەرجەم پیکەوە بەرەو باشتر یان خراپتر بروات. ئەمە بنەمای پیلانی شەری ناوخۆیە، تەنانەت ئەوەی پێی دەڵین بەندی 58 گوایە بۆ گیرانەوەی مافی زەوتکراوی کوردەکانو ئاساییکردنەوەی وەزعی کەرکوکە، بۆمبیکی تەوقیتکراوە، هەرکات بتەقیتەوە، هەموو ئەو خەلکانەی کە مۆری یەکیك لە قەومیەتەکان دراوە لە ناوچەوانیان، دەبی لە پیناو کورسیەکانی ژێر سەرانی هیزە قەومیەکاندا بکەونە گیان یەكو سکی یەکتر هەڵدرن.

**رادیۆی هاوپشتی: وەکو ئاخر پرسیار، دکتۆر محمود ووتی کۆئەبینەوە بۆ ئەوەی حکومەتیکی تازە پیکبهینین، قسەیەك بۆ ئایندە کە دەمەوێ لە ماوەیەکی دورتردا، وەکو دیکۆمینتیك بیخەمەبەردەست. چەند پیت وایە ئەم کۆبونەوەیە سەمەری دەبیت یاخود نابیت؟**

ریبوار ئەحمەد: من بۆچی پیم وابیت کە سەمەری هەبیت، ئەوەندەی من کەمو کورت گویم لە قسەکانی دکتۆر محمود بوو، خۆی ووتی من ئومیدیکم نیە، هەڵبەت ئەو زیاتر مەسەلەکەی گریدا بەوەوە کە ئەگەر حکومەتیك لە ناوچەی سەوزداو لە پشتی دیوارەوە خۆی حەشار بداتو نەیەتە ناو خەلکەوە، ناتوانی کاریك بکات. بەڵام من دەڵیم ئەو حکومەتە هەر ناتوانێ بێتە ناو خەلکەوە، ئەگەر رۆژیك بیەوی کوبونەوەی پەرلەمانەکەی ببەستێ، دەرگای ماڵ لە هاوڵاتیان دادەخات، هاتو چۆی ناوشار رادەگریتو ریگاوبانەکان دەبەستیت. مەبەستم ئەوەیە حکومەتیکی بەم جۆرە ئەوانەی کە خەریکن پیکیدەهینن خۆیان ئومیدو باوەریان پێی نیە، منیك کە هەر لە بنەرەتەوە مخالفی ئەو جۆرە پیکهینانەم بە تەرکیبەکەیەوە بە دەستورو یاسایەوە، بە سیاسەتیەوە، ناکرێ چاوەروانی سەمەری لی بکەم.

من پیم وایە بە باری گۆرین یان باشتر کردنی وەزعەکەدا ئەم حکومەتە بە هیچ جیگایەك ناگات، نەك هەر ئەمە بەڵکو 6 مانگی دیکە ئەگەر لەم رادیۆیەوە لەسەر هەڵومەرجەکە قسە بکەین، بەو مەرجەی سیاسەتو نەخشەکانی ئەوان برواتەپیشەوە، دەبی باسی خراپتربوونی بکەین. دەبی بڵێین بەداخەوە کارەساتەکان قولتربونەتەوە، شەرو کوشتار زیادی کردوە، ئەوانەی کە دەرکراونو ئەوانەی کە فریندراون ژمارەیان چەند بەرابەر بووە، گەندەڵیو راووروت زۆر زیاتر بووە، هەژاریو بیدەرتانی بە لوتکەی خۆی گەیشتووە، رەنگە چەند هەنگاویش وەزعەکە بە باری چاندنی رقو کینە لە نیو خەلکدا چوبیتەپیشەوە. هەڵبەت ئیمە بە دەوری خۆمان هەوڵدەدەین کە وای لێ نەیات، بەڵام تا ئەو جیگایەی بەدەوری ئەو هیزانەو حکومەتیان دەگەریتەوە، من هەر ئەو پیشبینیەی لیدەکەمو پیشم وایە هەر ئەو ئاکامە بەدوای خۆیدا دەهینیت.